**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**

**هەرێمی کوردستانی عێراق**

**سەرۆکایەتی هەرێم**

**سەرۆك**

**بەناوی گەلەوە**

**بڕیار**

**ژمارە ( ٣ ) ساڵی ٢٠١٥**

**بەپێی ئەو دەسەڵاتەی لە بڕگەی (١)ی ماددەی (١٠)ی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان - عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ی هەموارکراو پێمان دراوەو، بە پاڵپشتی ئەو یاساکارییەی پەرلەمانی کوردستــان – عێراق کردویەتی لە دانیشتنی ژمارە (٢) لە ٥/ ٢/٢٠١٥ بریارماندا بە دەرکردنی:**

**یاسای ژمارە ( ١ )ی ساڵی ٢٠١٥**

**یاسای ئیدارەی پارێزگای هەڵەبجە لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق**

**ماددەی ( ١ ):**

**مەبەست لەم دەستەواژە و زاراوانەی خوارەوە لەم یاسایە، ماناکانی بەرامبەریانە:**

**یەکەم: هەرێم: هەرێمی کوردستان ـ عێراق.**

**دووەم: ئەنجومەنی وەزیران: ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم.**

**سێیەم: پارێزگا: پارێزگای هەڵەبجە لە هەرێمدا.**

**چوارەم: یاسای پارێزگاکان: یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩ی هەموارکراو.**

**پێنجەم: پارێزگار: پارێزگاری هەڵەبجە.**

**شەشەم: ئەنجومەن: ئەنجومەنی پارێزگای هەڵەبجە.**

**ماددەی ( ٢ ):**

**یەکەم: بەدەر لە حوکمی ماددەی (چوارەم) لە یاسای پارێزگاکان، پارێزگای هەڵەبجە ئەنجومەنێکی تایبەتی دەبێت کەوا ژمارەی ئەندامەکانی لە (٢٥) بیست و پێنج ئەندام زیاتر نەبێت و، بە بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران دەستنیشان دەکرێن، بەمەرجێك ڕێژەی نوێنەرایەتیی ئافرەتان لە ٣٠٪ ژمارەی ئەندامەکانی کەمتر نەبێت و، نوێنەرایەتیی پێکهاتەی کاکەیی تێدا بێت و، ئەندامەکان ئەو مەرجانەیان هەبێت کە لە بڕگەی (یەکەم)ی ماددەی (پێنجەم) لە یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگا و قەزا و ناحییەکان ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٠٩ دا هاتوون، وەزارەتی ناوخۆ ئەرکی وردبینی کردنی مەرجەکان لە ئەستۆ دەگرێت.**

**دووەم:** لەکاتی کۆتایی هاتنی ئەندامیەتی ئەندامانی ئەنجومەن لەبەر هەر هۆیەك، بە هەمان ڕێکاری سەرەوە شوێنەکانیان پڕدەکرێتەوە.

**ماددەی (٣):**

لە نێوان ئەندامانی ئەنجومەن سەرۆك و جێگرەکەی بە بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران دادەمەزرێن.

**ماددەی (٤):**

سەرۆکی ئەنجوومەن و جێگر و ئەندامەکانی ئەو ماف و ئیمتیازانەیان هەیە کە لە بڕگەی (یەکەم)ی ماددەی سیهەم (٣٠) لە یاسای پارێزگاکاندا هاتوون جگە لە خاڵی (٥)ی و، ئەندامی فەرمانبەر بە تەنسیبکراو بۆ ئەندامیەتی ئەنجوومەن دادەنرێت بە درێژایی ماوەی ئەندامێتیەتی لە ئەنجوومەندا و بۆی نیە مووچەی وەزیفە و پاداشتی ئەنجومەن کۆبکاتەوە، بەڵکو مافی هەڵبژاردنی هەیە لە نێوانیاندا و، مافی هەیە لە کاتی کۆتایی هاتنی ماوەی ئەندامێیتی بگەڕێتەوە سەر وەزیفەکەی خۆی

**ماددەی (٥):**

ئەرك و دەسەڵاتەکانی ئەنجوومەن تەنها بریتی دەبێت لەمانەی خوارەوە:

**یەکەم:** بەدواداچوون و چاودێری کردن (مراقبة)ی گشت چالاکیەکانی دەزگا و دەستەکانی جێبەجێکردنی خۆجێییەتی لە پێناو زامنکردنی باش جێبەجێکردنی کارەکان، جگە لەو لایەنانەی کە لە بڕگەی (یازدەم)ی ماددەی (شەشەم)ی یاسای پارێزگاکان بەدەرکراون.

**دووەم:** پێشکەشکردنی ڕاوێژ بۆ پارێزگار و هەماهەنگی کردن لەگەڵیدا لەم کاروبارانەی خوارەوە:

١- دانانی سیاسەتی گشتی پارێزگا.

٢- ئامادەکردنی پڕۆژەی بودجەی پارێزگا و پلانی گەشەپێدانی و دیاری کردنی ئەولەویاتەکانی.

٣- ئامادەکردنی پڕۆژە یاسا و بڕیار و ڕێنمایی تایبەت بە پارێزگا.

٤- دەستنیشانکردنی کاندید کراوان بۆ وەزیفەی بەڕێوەبەری گشتی لە پارێزگادا.

٥- پەرەپێدانی خزمەتگوزارییە گشتییەکان و چاککردنی ئەدای دارایی و کارگێڕی لە پارێزگادا.

**ماددەی (٦):**

ئەنجومەن بەردەوام دەبێت لە بەئەنجام گەیاندنی ئەرکەکانی بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە و، ئەو حوکمانەی بەبەرکاری دەمێننەوە تا ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگا بەپێی حوکمەکانی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان و قەزا و ناحیەکان ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٠٩.

**ماددەی (٧):**

**یەکەم:** پارێزگار بە مەرسومێکی هەرێمی دادەمەزرێت کە لەسەر پێشنیاری وەزیری ناوخۆ و ڕەزامەندیی ئەنجومەنی وەزیران دەردەچێت، بە مەرجێك گشت ئەو مەرجانەی هەبێت کە پێویستە لە پارێزگاردا هەبن بەپێی بڕگەی (دووەم)ی ماددەی (هەژدەم)ی یاسای پارێزگاکان، وەزیفەکەشی لەرووی ماف و ڕاژەی وەزیفی بە پلەی تایبەت دەبێت بە ناونیشانی (بریکاری وەزیر) و، لە ڕووی کارگێڕییەوە

سەر بە وەزارەتی ناوخۆ، دەبێت و، بەرپرسی جێبەجێکاری یەکەمە لە پارێزگادا و، ئەو ئەرك و دەسەڵاتانەی کە لە یاسای پارێزگاکاندا بۆی دیاری کراون پیادە دەکات بەو شێوەیەی لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکۆك نەبێت.

دووەم: هەردوو جێگری پارێزگار بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی دوای کاندیدکردنیان لەلایەن وەزیری ناوخۆ بەبڕیاری ئەنجومەنی وەزیران دادەمەزرێن بەو مەرجەی بەلای کەم هەڵگری بڕوانامەی زانکۆیی بن و خاوەن شارەزایی و پسپۆڕی بن.

سێیەم: هەر یەك لە قایمقام و بەڕێوەبەری ناحیە لە پارێزگای هەڵەبجە بەمەرسوومی هەرێمی دادەمەزرێن و دەگوازرێنەوە و لادەبردرێن لەسەر پێشنیاری وەزیری ناوخۆ و ڕەزامەندی ئەنجوومەنی وەزیران تا پێکهێنانی ئەنجوومەنی قەزا و ناحیەکان لە ڕێگەی هەڵبژاردنی گشتی ڕاستەوخۆ بەپێی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگا و قەزا و ناحیەکان ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٠٩ .

ماددەی ( ٨ ):

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران بودجەیەکی تایبەت بە پارێزگای هەڵەبجە هەروەك پارێزگاکانی دیکەی هەرێم لە بودجەی گشتی هەرێم بۆ ساڵی ٢٠١٥ تەرخان بکات.

ماددەی ( ٩ ):

ماددەکانی دیکەی یاسای پارێزگاکان پیادە دەکرێن و بەبەرکاری دەمێننەوە ئەگەر بەشێکی یان هەمووی لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکۆك نەبێت.

ماددەی ( ١٠ ):

کار بە هیچ دەقێکی یاسایی یان بڕیارێك ناکرێت کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکۆك بێت.

ماددەی ( ١١ ):

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

ماددەی ( ١٢ ):

ئەم یاسایە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە جێبەجێ دەکرێت و، لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان)دا بڵاودەکرێتەوە.

مسعود بارزانی
سەرۆکی هەرێمی کوردستان – عێراق

هەولێر
٢٠١٥/٢/١٥

## هۆیەکانی دەرچوواندن

بە مەبەستی جێبەجێ کردن و پێکهێنانی ئیدارەی پارێزگای هەڵەبجە بە تایبەتمەندیی خۆی و، لابردنی ڕێگریی یاسایی بۆ پێکهێنانی پارێزگاکە بەشێوەیەك کە ببێتە هاندەر بۆ خزمەتکردنی زیاتری دانیشتوانی پارێزگاکە و کەمکردنەوەی لێکەوتەکانی تاوانەکانی جینۆساید، ئەم یاسایە دانرا.